شانۆی راگەیاندنی ئەمنی: فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان ئاگاداری رووداو و کێشەکانی جوتیارانی پارێزگای کەرکوک

شانۆی راگەیاندنی ئەمنیی عێراق رایگەیاند، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق ئاگاداری رووداو و کێشەکانی جوتیارانی پارێزگای کەرکوک و داوای کردووە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە ئەو مەبەستە پێکبهێنرێت.

لە راگەیندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە، "فەرماندەی گشتی فەرماندەیی بریکاری وەزارەتی داد ڕەوانەی پارێزگای کەرکوک بکرێت بە گرتنەبەری ڕەوشوێنی پێویست سەبارەت بەو زەویانەی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان ناوچەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستانە".

لە درێژەی راگەیندراوەکە هاتووە: "داوا لە هێزە ئەمنییەکانمان دەکەین، هەریەکە لە سوپا،کارمەندانانی وەزارەتی ناوخۆ، پێشمەرگە، هێزەکانی حەشدی شەعبی، دەزگا ئەمنییەکان و هەواڵگری، پابەندی یاسا و ڕێنماییەکان بن، خۆکێنتڕۆڵی بەرز بکەن، ژیرانە و نیشتمانپەروەرانە مامەڵە بکەن، هەروەها دەرفەتی ئەو کەسانە پووچەڵ بکەنەوە کە لە چاوەڕوانیدان و لە ئاوە لێڵ ڕاوە ماسی بکەن هەروەها داوا لە هەموو لایەنەکان و هێزە سیاسییەکان دەکەین کە ژیر و ئارام بن، ئەولەویەت بە بەرژەوەندییە نیشتمانییە باڵاکان بدەن و، پابەندبوون بە یاسا و دەستوور، و کاردەکەن

بە پشتگیریکردنی هەزە ئەمنییەکان لە پاراستنی هەموو دەستکەوتە ئەمنییەکان و ئامانجە نیشتمانییەکان و بەشەکان بن".